گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper19

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 18-06-2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 18-07-2023
ڕێکەوتی بلاوکردنەوە: 28-02-2025

# گوندی قەبری مەلا لە قەزای کەلار (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی)

**هاوبش غفور سعيد[1] - فاطمة قادر مصطفى[2]**

fatma.qadr@uor.edu.krd - Hawbashghafoor4@gmail.com

[1]ماستەر لە جوگرافیای مرۆیی ، کەلار، ئیدارەی گەرمیان، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە بەشی باشــور لە هەرێمی کوردســـتان، بەشی باکوری ڕۆژئاوا لە قەزای کەلار و بەشی باکوری نـاحیەی ڕزگاری، گوندی قەبری مەلا لەڕوی شــوێنی ئەســـترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان بـازنەکانی پانی (34.868472 N- "34°52'06.5)ی باکوری گۆی زەوی، هێڵەکانی درێژیی (45.292778 E- "45°17'34.0)ی ڕۆژهەڵات، بڕوانە نەخشەی ژمارە (1)، ڕوبەری(3049.36)دۆنم زەوییە و (37کم) لە قەزای کەلارەوە دورە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاماژەکردن بەگرنگترین تایبەتمەندییە سروشـتییەکان و تایبەتمەندییە مرۆییەکان لە گوندی قەبری مەلا، بەم شـــێوەیە توێژینەوەکە پەیوەســـت بوە بە پەیڕەوکردنی ڕێبازی زانســـتی بۆ دانانی بنەماکانی توێژینەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دو بەشی سەرەکی پێکهاتوە بەمەبەستی گەشتین بە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە:

بەشی یەکەم: بەناونیشــانی (ناســاندنی گوندی قەبری مەلا) لە دو باسی ســەرەکی پێکهاتوە، لە باسی یەکەمدا باس لە (مێژوی گوندی قەبری مەلا) دەکات، هەرچی باسی دوەمیشـــە باس لە (تایبەتمەندییە سروشـــتییەکانی گوندی قەبری مەلا) دەکات وەکو (بەرزی و نزمی، سەرچاوە ئاوییەکان، ڕوەکی خۆڕسك).

بەشی دوەم: بەناونیشــانی (تایبەتمەندییە مرۆییەکانی گوندی قەبری مەلا) کە خۆی دەبینێتەوە لە سێ باسی ســەرەکی، باسی یەکەم باس لە (ژمارەی دانیشـــتوان) دەکات، لە نێوانی ســاڵانی (1984 -2023) هەرچی باسی دوەمیشـــە باس لە(دابەشـــبونی جۆرەکانی زەوی گوندی قەربری مەلا) دەکات. هەروەها باسی ســێیەم (ســـەرچاوەی ئابوری گوندی قەبری مەلا وەکو کشتوکاڵ و ئاژەڵداری)خراوەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:** گوند، قەبری مەلا، قەزا، کەلار.

**پێشەکی:**

توێژینەوەکە لە سـەر (گوندی قەبری مەلا لە قەزای کەلار لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی)، ئەوەی مایەی هەڵوێسـتە لەسـەرکردنە ئەم توێژینەوەیە تایبەتمەندییە سروشـتییەکان و تایبەتمەندییە مرۆییەکانی خسـتۆتەڕو کە جێگەی بایەخی خۆی هەیە و لەم چوارچێوەیەشـدا بابەتی دابەشـبونی زەوییە کشـتوکاڵییەکان و ژمارەی دانیشـتوان و سەرچاوەی ئابوری گوندی قەبری مەلا شیکراوەتەوەو خراوەتەڕو وەکو کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

یەکەم: کێشەی توێژینەوە:

دیاریکردنی کێشـەی لێکۆڵینەوە یەکەم هەنگاوە لە لێکۆڵینەوەی زانسـتی جا بۆیە هەمو لێکۆڵینەوەیەك کێشـەیەکی تێدایە بۆ سـەرکەوتن هەمو هەوڵ و کاتێك لە کۆکردنەوەی و دارِشـتنی دەسـتەواژەی ڕون و ڕەوان کێشـەی توێژینەوە بەیەکێك لە بنچینەکانی توێژینەوەی جوگرافی دادەنرێت، کە ناتوانرێت پشـتگوێ بخرێت، کێشـەی ئەم توێژینەوەیەش بەم پرسیارانە دەست پێدەکات:

1. ئایا توانراوە بەپێی پلانی زانستی سود لە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی گوندی قەبری مەلا وەربگیرێت؟
2. ئایا تایبەتمەندی توانا مرۆییەکانی گوندی قەبری مەلا چین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە؟
3. ئایا هاوسەنگییەك هەیە لە نێوان تایبەتمەندییە سروشتییەکان و توانا مرۆییەکانی گوندی قەبری مەلادا؟

## دووەم: گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ئاشنامان دەکات بە مێژوی گوندی قەبری مەلا و تایبەتمەندییە سروشتییەکانی و تایبەتمەندییە مرۆییەکانی ئەمەش جێگەی بایەخ و تێڕامانە، چونکە هەمیشـە ناوچەی لێکۆڵینەوە گرنگی خۆی هەبوە لە ڕوری سەرچاوەی ئابوری بۆ دانیشتوانەکەی بەتایبەت کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری.

سێیەم: گریمانەی توێژینەوە:

گریمانە بە وەڵامدانەوەیەکی سـەرەتایی دادەنرێت بۆ کێشـەی توێژینەوەکە، هاوکات بریتییە لە دەربڕینێکی بابەتی و لۆژیکیی ڕون، کە توێژەر لە توێژینەوەکەدا هەوڵدەدات لەڕێگەی شـوێنکەوتنی ڕاسـتییەکانەوە بگاتە چارەسـەر و وەڵامی گونجاو. لەگرنگترین گریمانەکانیش بریتین لە:

1-لەگەڵ ئەوەی جۆری دابەشبونی سەرچاوە سروشتییەکانی گوندی قەبری مەلا هەمەجۆر و هەمە چەشنە نەتوانراوە سودی لێوەربگیرێت بۆ خزمەتی دانیشتوانی گوندەکە.

2- هۆکارە مرۆییەکان بەگشـتی ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان هەبوە لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەدا بەشێوەیەك کە توانایی خۆ ژیانکردنیان هەبێت لەلایەن دانیشتوانی گوندەکەوە.

3-نەبونی هاوسەنگی ورد لەنێوان تایبەتمەندییە سروشتییەکان و توانا مرۆییەکاندا لە گوندی قەبری مەلا، بەپێی ئەوەی توانا مرۆییەکان کەمترن.

**چوارەم:** هەڵبژاردنی (گوندی قەبری مەلا) بۆ توێژینەوە:

ناونیشـــانی توێژینەوەکە بریتییە لە (گوندی قەبری مەلا لە قەزای کەلار لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی) توێژینەوەکە تیایدا هەوڵدراوە باسی (تایبەتمەندییە سروشـتییەکان و تایبەتمەندییە مرۆییەکان) بکات و بەشـێوەیەکی گشتی.

پێنجەم: ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ســەرەکی ئەم توێژینەوەیە خســتنەڕوی تایبەتمەندییە سروشــتییەکان و تایبەتمەندییە مرۆییەکانە، لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان و دابەشبونی زەوی لە نیشینگەی قەبری مەلا بە شێوەیەکی گشتی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە لە ڕوی سەرچاوەی ئابوری پەرەپێدەدرێت بۆ کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

**شەشەم: میتۆدی توێژینەوە:**

لێکۆڵینەوەی زانستی بەبێ پەیڕەوکردنی میتۆدێك، یان چەند میتۆدێکی زانستی ئەنجام نادرێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بەسـودوەرگرتن لە میتۆدی مێژوی و وەسفی و شیکاری بۆ شیکردنەوەی بەکاربهێنرێت، بێجگە لە پشت بەستن بە ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەی تری وەك بەکارهێنانی پەرتوك و بەکارهێنانی چەندین ئامارو داتای فەرمی و بەکارهێنانی چەندین نەخشە و خشتەیەکی تایبەتمەند لەسەر گوندی قەبری مەلا لەڕوی دانیشتوان و ئابوری وەکو کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

**حەوتەم: ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوە:**

لەماوەی نوسین و ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا، دوچاری زۆر ئاستەنگ بوینەتەوە، لەوانە:

1. کەمیی زانیاری و داتای گونجاو و ورد لەســەر ناوچەی لێکۆڵینەوە و بونی جیاوازیی زۆر لە نێوان زانیاریی و داتاکانی فەرمانگە حکومییەکان.

2. جیاوازیی زانیاریی و داتاکان و کەموکورتی لە زانیارییەکاندا و تۆمارنەکردنی زانیاریی زۆر گرنگ و پێویســت لەلایەن فەرمانگەکانەوە.

**هەشتەم: چوارچێوەی شوێنی:**

گوندی قەبری مەلا لــەڕوی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێــوان بازنەکانی پانی (N 34.868472 -"34°52'06.5)ی باکوری گۆی زەوی، هێڵەکانی درێژیی (E 45.292778 -"45°17'34.0)ی ڕۆژهەڵات، بڕوانە نەخشەی (1). لەڕوی شوێنی جوگرافیشەوە دەکەوێتە باشوری پارێزگای سلێمانی لە ئــــیدارەی گەرمیان (37کم) لە قەزای کەلارەوە دورە و سەر بەناحیەی ڕزگارییە لە هەرێمی کوردستان.

گوندی قەبری مەلا بەپێی نەخشەی بنەڕەتی (28/مایس/1956) لە کەرتی (74) بەم نشینگانە دەورەدراوە، لە باکورەوە سنوری جیاکەرەوە لە کەرتی کشتوکاڵی گوندی منصورالکان بە ژمارە(89) شێروانە، ڕۆژهەڵاتی سنوری جیاکەرەوە لە کەرتی کشتوکاڵی گوندی گرمك بە ژمارە (111) شێروانە، لە باشوری ڕۆژهەڵاتییەوە سنوری جیاکەرەوە لە کەرتی کشتوکاڵی گوندی گۆمەزەرد بە ژمارە (105)ی شێروانە، لە باشورەوە سنوری جیاکەرەوە لە کەرتی کشتوکاڵی گوندی


دەنگەوەرە بە ژمارە (110)ی شـێروانە، هەروەها لە ڕۆژئاواوە سـنوری جیاكەرەوە لە كەرتی كشـتوكاڵی گوندی دوخڕان بە ژمارە (88)ی شێروانە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(2).

سەبارەت بە سنوری جیاكەرەوە لە كەرتی كشتوكاڵی ئێستای گوندی قەبری مەلا، لە باكورەوە گوندی منصوالكان و لە ڕۆژئاوەوە گوندی كەنی زەرد، لە باشورەوە گوندی دەنگەوەرە و لە باشوری ڕۆژهەڵات گوندی قەڵبەزە و لە ڕۆژهەڵاتەوە گوندی گەرمك و لە باكوری ڕۆژهەڵاتەوە گوندی مێوەكەی خواروە.(تەنیا، 2013: 22)

نەخشەی ژمارە (1)

شوێنی جوگرافی گوندی قەبری مەلا

بەگوێرەی ناحیەی ڕزگاری قەزاری كەلار لە ئیدارەی گەرمیان و هەرێمی كوردستان و عێراق




سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشتبەستن بە: 1- خارطة العراق الإدارية، وزارة التخطيط هيئة المساحة، بغداد، 2010. 2- وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی ((GIS، نەخشـەی كارگێڕیی پارێزگای سلێمانیو ئیدارەی گەرمیان، 2023. 3-بە پشتبەستن بە نەخشەی بنەڕەتی گوندی قەبری مەلا 28/مایس/ 1956

## بەشی یەکەم: ناساندنی گوندی قەبری مەلا:

باسی یەکەم: مێژوی گوندی قەبری مەلا:

گوندی قەبری مەلا سروشتێکی جوانی هەیە لە بەهاراندا، بەڵام ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕستانی گوندی قەبری مەلا، هەروەها گوندی قەبری مەلا وەکو هەر گوندێکی تری هەرێمی کوردستان شوێن و ئاووهەواو هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی لە بارە بۆ نیشتەجێبون تێدا، هەرچەندە مێژوی دروستبونی ئەم گوندە زۆر ڕۆشن نییە و نەزانراوە لە چی زەمانێکدا دروستبوە، بەڵام ئاماژەکان و بەڵگەکان وا دەردەخەن، ئەم گوندە زۆر کۆنە و مێژوی ئاوەدان بونی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان و ساسانییەکان و ئاشورییەکان و زیاتریش ساسانییەکان، چونکە لە دەوروبەری ئەم گوندەدا ئاسەوار و شوێنەواری زۆر مێژویی کۆنی لێیە کە بریتییە لە گۆڕستانی کۆن، ئەمەش بە ئاسەواری شارستانیەت لەم گوندەدا بەدیدەکرێت، ئەمەش بەڵگەی سەلماندنی ئاوەدانی کۆنی ئەم گوندە بوە، ئەگەر بمانەوێ بەڵگەی زیاتر لە بارەی کۆنی ئەم گوندەوە بخەینە بەرچاو دەبینین وەك پارچە گۆزە کە نیشانەی ئاسەواری مێژوی کۆنن لەم گوندەدا بونی هەیە، دیارە بەپێی ڕۆژگار بەردەوام دانیشتوانی ئەم گوندە لە کاتی ئیش و کاری کشتوکاڵیدا لە ژێر خاك و خۆڵدا بەدەم گاسنی کێڵانەوە ئێسکی کەللەسەر و کەشکە ئەژنۆ و جمجمە و بڕبڕەی پشت و ئێسکی دەست و لاقی مرۆڤ دەرکەوتوە کە زۆر کۆن بوە و هەندێك جاریش کەرەستەی گرانبەها دۆزراوەتەوە.(محەمەد،ع، 2023)

گوندی قەبری مەلا زۆر بەڵگەی تر هەیە کە کۆنی ئەم گوندە بسەلمێنێت وەك بونی گۆڕستانێك لە سەروی گوندەکەوە بە دوری(1)یەك کیلۆمەتر، ئێستاش گۆڕستانی دانیشتوانەکەیە، بەگۆڕستانی (قەبری مەلا) ناسراوە، ئەم ناوەش بۆ سەردەمی ئیسلام دەگەڕێتەوە، ئەوەی شایەنی باسە دانیشتوانی گوندی قەبری مەلا لە (هۆزی جاف لە عەشیرەتی باشکی)ن.(جاف، 2013: 282)

گوندی قەبری مەلا وەکو هەمو گوندەکانی تری کوردستان سەرەتا دەوارنیشن بون و کۆچەریش بون لە گەرمیان و کوێستان، بەڵام لە ساڵی (1907) نیشتەجێبون لە گوندی قەبری مەلا، دانیشتوانی ئەم گوندە سەرەتا لە (1) یەك کیلۆمتر خواروی گوندەکەوە نیشتەجێبون بەناوی (بروسکە) کە لەلایەن (ڕەحیم وسەین محمود باشك)ەوە کە گەورەی ئەم بنەماڵەیەبوە، دەواریان هەڵداوە و کەپر و زنج یان دروستکردوە، دوای ئەوەی ماڵیان گواستراوەتەوە بۆ شوێنی ئێستای گوندەکە. لێرەدا باسی ئەو کەرەستە سەرەتاییانە دەکەین کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندی بەکارهێنراون وەکو (دەوار، کەپر، زنج).(محەمەد،ئ، 2023)

دوای ئەوەی کە دانیشتوانی ئەم گوندە نیشتەجێبون، دەستان کردوە بە هەڵدانی دەوار و دروستکردنی کەپر و زنج وەکو سەرەتایەك بۆ خۆپارێزی، دواتر دەستان کردوە بە دروستکردنی خانو، خانوەکان کە لە خشت و قوڕ و قامیش دروست دەکران بە شێوەیەك کە بۆ نیشتەجێبون گونجاو بێت، بەڵام ئەم خانوانە بە شێوەیەی نائەندازەیی دروستدەکران، واتە هەڕەمەکی بون. (محەمەد، ع، 2023)

یەکەم: دەوار (ڕەشماڵ): لە موی بزن دروست دەکرێت، گوندنشینەکان لەسەرەتادا بەکاریانهێناوە، چونکە گوندنشینەکان کۆچەری بون، ئەمەش کەرەستەیەکی ئاسان بو بۆ هەڵگرتن و گواستنەوە و هەڵدان و خۆپارێزی لە سەرماو گەرما، ئەمەش لەلایەن ژنانەوە دەڕێستراو دەچێنرا و بەرگەی ماوەیەکی زۆری دەگرت.

دوەم: بواری قامیش (نەیجە):

أ- کەپر: سەرەتا قامیش لەبواری کەپر بەکارهێنراوە بەتایبەت لە وەرزی هاویناندا، هەروەها کراوە بە (زنج) لە سەردەمە جیاوازەکاندا چ بۆ مرۆڤ یان بۆ ئاژەڵ، دوای ئەوەی گوندنشینەکان بە تەواوی نیشتەجێبون قامیشیان لە دروستکردنی خانودا بەکاردەهێنا.

ب- زنج: قامیشـەکان دەتێنرێت و لەم بەروئەوبەرەوە وەکو دیواری خانو، دواتر لە سـەروە ڕادەکێشرێت و بە توڵی ژاڵە دەپێچرێت، ئەم پێچرانەش پێیدەوترێت قوبە، هەروەها زەل دەهێنرێت بۆ داپۆشـــینی زەلەکە چین چین ڕادەخرێت و دەبەســـترێت بە شـــێوەیەکی ڕێکوپێك بۆ ئەوەی لە ئاوی باران ناوەوەی پارێزراو بێت، دوای تەواو بونی زەلەکە چواردەوری بە ژاڵە دەگیرێت بۆ ئەوەی لە ئاژەڵ پارێزراو بێت.

پ- چیخ: لە تەرکە دروســـت دەکرێت کە لە قامیش قەبارەی بچوکترە، کە بۆ کۆمەڵێك بوار بە کاردەهێنرێت، بۆ نێوبڕکردنی ئاژەڵان لە نێودەوار یان زنج، هەروەها ڕادەخرێت بۆ ئەوەی کەش و دۆینەی لەســـەر دەنرێتەوە، هەروەها چواردەوری گڵابەی تراکتۆری پێ دەگیرا لە کاتی (کا) کێشاندا، ئەمەش لەموی بزن و تەرکە دروست دەکرێت، زۆرێك لە ژنانی گوندی قەبری مەلا دروستیان دەکرد. (محەمەد،ئ، 2023)

باسی دوەم: تایبەتمەندییە سروشتییەکانی گوندی قەبری مەلا:

ئامانج لەم بەشـــە شـــیکردنەوەی ڕادەی کاریگەری هەریەك لەو تایبەتمەندییە سروشـــتیانەیە لەســـەر چەندێتی و چۆنیەتی ناوچەی لێکۆڵینەوە. هەریەك لە پێکهاتەی جیۆلۆجیا و بەرزی و نزمی و ســـەرچاوەی ئاویی و خاك لەگەڵ ڕوەکی خۆڕسك، تەوەری ئەم بەشە دەبێت.

## یەکەم: پێکهاتەی جیۆلۆجی:

پێکهاتەی جیۆلۆجی ئەم ناوچەیە هەر وەکو جیۆلۆجیای هەرێمی کوردســـتان لە ســـەردەمی بەر لە (کامبری) (570 . 2000) ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا، کەوتۆتە ژێر دەستی دەریای (تیس) و تاکو نزیکەی (650) ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا لە ژێر کاریگەری ئەو دەریایە بوە، پاشـان لە سـەردەمی قۆناغی (سـانیۆزیك) (65) ملیۆن سـاڵ بەر لە ئێسـتا بەرەبەرە دەریای (تیس) کشاوەتەوە لە ئەنجامی جوڵەی پلێتی کەناری عەرەبی شاخەکانی کوردستان دروستبوە، گوندی قەبری مەلا دەکەوێتە ســـەر پشـــتێنەی (کەرکوك) کە چینە بەردەکانی بەزۆری لە پێکهاتەی (فارسی و بەختیار) پێکدێن، ئەستوری نیشتوەکانی لەم ناوچەیەدا (12 بۆ13) کیلۆمەترە، لەسەر چینی بەردی بنەوە تا سەر ڕوی زەوی(محمد.د، 2005: 24 – 28).

أ- پێکهاتەی فارسی (ئەنجانە):

مێژوی دروستبونی دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی مایۆسینی سەرو، نیشتوەکانی پێکدێن لە چینی بەردی لمینی ڕەنگ سور و خۆڵە بەرد (صخور گینیە)، ئەستوری چینە بەردەکانی دەگاتە (1 . 10م) (البالانی.ن،2010: 10-12)

دەنکۆڵکانیشی. نەرمن و چینی بەردی قوڕی بەیەکداچوە لەگەڵ چینی تەنکە جبسی. تێدایە، چینگەی نیشتاندنەکەشی ژینگەیەکی دەریایە، نیشتوەکانی ڕوبارە کۆنەکانی سەردەمی مایۆسین، کە لەو کاتەدا ناوچەکانی چیا بەرزەکان داوراون و لە ناوچە نزمەکانیشدا نیشتون(عەلی.ع. 2014: 11).

## ب- پێکهاتەی بەختیاری (مقدادایە).

مێژوی دروستبونی ئەم پێکهاتەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پلایۆسینی، کە پێکهاتوە لە نیشتوی دوابەدوای یەکی بەردی (قوری و لمی و لیتە)، و ڕێژەی کونیلەداری زۆرە و یارمەتی کۆبونەوەی ئاوی ژێرزەوی دەدات. (أخرون. ع، 1982: 124)، ئەستوری ئەم پێکهاتەیە لە نێوان (300 ــــ 1200م) دایە و لە هەندێ شوێن دەگاتە (2000م) بە تایبەتی لە کەناری چەمە وەرزییەکاندا، ئەم پێکهاتەیە بە شێوەیەکی ستونی ڕۆژە و بە ناو زەویدا لەگەڵ پێکهاتەی ئینجانە لە ژێرەوە بەیەك دەگەن (عبدالقادر.م، 2014: 10) پێکهاتەی جیۆلۆجی گوندی قەبری مەلا (ئینجانە و مقدادایە)یە کە لە ناوچەی توێژینەوە بەربڵاوە، بەپشت بەستن بە لێکۆڵینەوەی کۆمپانیای گازپرۆمی ڕوسی کە لە بواری نەوتدا کنەوپشکنینیان ئەنجامداوە لە بەرواری 2017/2/7)(محەمەد، ئ: 2023).

## دوەم: بەرزونزمی

شتێکی بەڵگە نەویستە کە بەرزی و نزمییەکان کاریگەرییان لە سەر دابەشکردنی دانیشتوان دەبێت، بەڵام نەوەك بە ئەندازەی کاریگەری کەش و هەوا، زۆربەی مرۆڤەکان لە کەنار و چالاکییەکاندا جێگیردەبن ئەوەش بە هۆی ئاسانی چاندن و ئاوەدانییەوە. (لبیب، 2010: 65)

بەرزونزمی هۆکارێکی گرنگە لەدیاریکردنی تایبەتمەندی سروشتی هەر ناوچەیەك، هەمو دیاردە گەورەکانی سەر ڕوی زەوی دیاریدەکات، کە لەراستیدا بەهای هۆکارە جیۆلۆجییەکانە سەرەڕای ئەوەی کاریگەری هەیە لەسەر ئاووهەوا (مناخ)، گومان لەوەدا نییە کە لێکۆڵینەوە لە هەر ناوچەیەك پێویستی بەدیاریکردنی بەرزونزمییە، کە دەژمێرێت بە ناوەرۆکی بابەتی دروستبونی شوێنی نیشتەجێبون، هەروەها کاریگەری لەسەر شێوەی زەوی و بەهای بەکارهێنانی زەوی هەیە، لە دروستبونی هەمو جۆرەکانی ڕێگاوبان و جوڵەی ناوخۆی بۆ شار، ڕوی زەوی کیشوەرەکان یەك بەرزییان نییە بەڵکو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر جیاوازە، ئەو بەرزاییانە بەپێی ئاستی ڕوی ئاوی زەریاو دەریاکان دەپێورێت گەلێك شێوەی جیاجیان هەیە(أحمد، 2012: 61) ئەمەش لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی ژینگەیە کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە نیشتەجێبونی مرۆڤ و چۆنیەتی دابەشبونیان و دیاریکردن و فراوانبونی، گوندی قەبری مەلا لەڕوی بەرزی نزمییەوە پڕیەتی لە هەردە و دۆڵ کەمتر زەوی تەختی تێدایە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر شوێنی نیشینگەکان.

بەرزی نزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان لوتکەی زەرد کە بەرزییەکەی دەگاتە(595)م، لوتکە گامەخەڵ کە بەرزییەکەی دەگاتە (823)م، کەواتە بەرزی گوندی قەبری مەلا (700) مەتر بەرزە لە ئاستی ڕوی دەریاوە. (محەمەد،ئ، 2015: 66)

## سێیەم: پێکهاتەی خاك لە ناوچەی توێژینەوە:

خاك بریتییە لەو تەنە سروشتکردەی کە دروست دەبێت لە ئەنجامی کاریگەری نێوان کەڤرەکان و هۆکارە سروشتیەکانی سەر ڕوی زەوی، خاك بەسنوری جیاکەرەوەی نێوان بەرگە هەوا و ڕوپۆشی بەردینی زەوی دادەنرێت، جیاوازی

ئەســـتوریكەی بەپێی جۆری ئەو بەردەی (بەردی دایك) و مەودای كاریگەری چالاكی مرۆیی (سروشـــتی) دەبێت، لە گوندی قەبری مەلا چەند جۆرێك خاك هەیە لەوانە:

أ-خاكی قاوەی گەنم ڕەنگ: ئەم خاكە كەمتر بەدی دەكرێت بەتایبەتیش دەكەوێتە باكوری ڕۆژئاوای گوندەكەوە، بۆ كشتوكاڵی گەنم و جۆ زۆر گونجاوە(امین، ه، 2018: 33)

ب-خاكی قاوەی سورباو: ئەم خاكە، دەكەوێتە بەشی باشوری ڕۆژئاوا خاكی قاوەیی گەنم ڕەنگ بۆ كشتوكاڵكردن خاكێكی گونجاوترە و بەتایبەتی كشتوكاڵكردنی زستانە (گەنم و جۆ) (محمد. ئ، 2015: 113)

پ-خاكی دۆڵ و چەمەكان: ئەم جۆرە خاكە لە ڕێگەی ئاوی چەمە وەرزییەكانەوە بەكرداری گواســـتنەوە و نیشـــتن دروســـت دەبێت بەشی ســـەرەوەی ئەم خاكە دەنكۆڵەی وردن و بەشی خوارەوەی لە قوڕ و لم پێكدێت، خاكێكی تەنكی لەلایەن جوتیارانی نشـــینگەكەوە بەكاردەهێنرێت بەمەســـتی كشـــتوكاڵ(عەلی،ع، 2014: 87). بەزۆری ئەم خاكە دەكەوێتە بەشی ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا.

خشتەی(1)

تایبەتمەندی (13) نمونەی جۆرەكانی پێكهاتەی خاك لە ناوچەی لێكۆڵینەوە

| ژ | شوێن | نمونە | پێكهاتەی خاك | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | خاكی شێدار | خاكی بەردەڵان | خاكی قوڕ و لم | خاكی قوڕ و لیتە |
| 1 | باكوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا | ن1 | %2.0 | %50 | %43 | %7 |
| 2 | | ن2 | %2.1 | %45 | %50 | %5 |
| 3 | | ن3 | %2.5 | %48 | %44 | %8 |
| 4 | | ن4 | %2.0 | %52 | %40 | %8 |
| 5 | | ن5 | %2.2 | %48 | %47 | %5 |
| 6 | | ن6 | %2.6 | %53 | %40 | %7 |
| 7 | باشوری گوندی قەبری مەلا | ن7 | %2.7 | %45 | %45 | %10 |
| 8 | | ن8 | %2.0 | %51 | %40 | %9 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 9 | | ن9 | %2.9 | %47 | %47 | %6 |
| 10 | | ن10 | %2.4 | %43 | %50 | %7 |
| 11 | باشوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا | ن11 | %2.6 | %50 | %45 | %5 |
| 12 | | ن12 | %2.0 | %48 | %44 | %8 |
| 13 | | ن13 | %2.1 | %52 | %40 | %8 |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان بەشی تاقیگەی خۆڵ و ئاو، ٢٠١٧، داتای بڵاونەکراوە.

چوارەم: جۆرەکانی سەرچاوە سروشتی و کانزاییەکان لە گوندی قەبری مەلا

شیکاری بۆ کانزاکانی ناوخاك لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

شـــیکاری بۆ (13) نمونەی کانزایی لە ســـنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە کانزای خاك لە ڕوی تایبەتمەندی کیمیاوییەوە جیاوازییەکی ئاشـــکرا و ڕونیان هەیە لە ســـەر ڕوی زەوی، بەجۆریك لە کێڵگەیەکدا و لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر و لە شـوێنێکەوە بۆ شـێوێنێکی تری جیاوازن، لە ڕوی سـیفاتە کانزا کیمیاوییەکانەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان لە ســـەر دروســـتبونییان هەیە، وەك ماددەی ســـەرەتایی و ئاووهەوا و بەرزونزمی و کات و ڕوپۆشی ڕوەکی و سروشـــتیی لێژیی ڕوی زەوی و بونەوەرە زیندوەکان و ئاوی ژێر زەوی و ســـیســـتەمی بە ڕێکردنی ئاو و هەنـدێـك جـاریش مرۆڤ تـایبەتمەنـدی کـانزایی کیمیـاوی(محمـد. ئ، 2015: 118). (13) نمونەی لە نـاوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەها ئەو شـــیکارییە بۆ کانزا کێمیاوییەکانی کە بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە بەرزترین و نزمترین ڕێژەکانیان دیاری دەکەین

یەکەم: نایترۆجین :(Nitrogen(N)بەرزترین پلەدەکاتە(%0,025)سەدیە، کە لە باکوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا تۆمار کراوە، کە دەکاتە نمونەی (5) و نزمترین پلەش دەکاتە(%0,010) ســـەدیە، هەر لە باکوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا تۆمارکراوە، کە دەکاتە نمونەی (1).

دوەم: فسفۆر ( :(Phosphor(p بەرزترین پلەدەکاتە(%24)سەدیە، کە لە باشوری گوندی قەبری مەلا تۆمارکراوە، کە دەکاتە نمونەی (9) و نزمترین پلەش دەکاتە(%16)ســـەدیە، هەر لە باکوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا تۆمارکراوە، کە دەکاتە نمونەی (7)

ســـێیەم: پۆتاســـیۆم :(Potassium(k)) بەرزترین پلەدەکاتە (%20) ســـەدییە، کە لە باشـــوری گوندی قەبری مەلا تۆمارکراوە، کە دەکاتە نمونەی (5) و نزمترین پلەش دەکاتە(%11) ســـەدیە، هەر لە باکوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا تۆمارکراوە، کەدەکاتە نمونەی (4)

چوارەم: سۆدیۆم ((Sodium(NA بەرزترین پلە دەکاتە (22%) سەدیە، کە لە باشوری گوندی قەبری مەلا تۆمارکراوە، کە دەکاتە نمونەی (9) و نزمترین پلەش دەکاتە(15%) سـەدیە، هەر لە باکوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا تۆمارکراوە، کە دەکاتە نمونەی (6)

پێنجەم: ماددە ئەندامییەکان((Organic matter(O.M بەرزترین پلە دەکاتە(27%)سەدیە، کە لە باشوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا تۆمارکراوە، کە دەکاتە نمونەی (7)، و نزمترین پلەش دەکاتە(18%)سـەدیە، هەر لە باشـوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا تۆمارکراوە، کە دەکاتە نمونەی (11)

شـەشـەم: ماددەی کاربۆن ((Oragnic carbon(O.C بەرزترین پلەدەکاتە(17%) سـەدیە، کە لە باکوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا تۆمارکراوە، کە دەکاتە نمونەی (4)، و نزمترین پلەش دەکاتە(13%) سـەدیە، هەر لە باشـوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا تۆمارکراوە، کە دەکاتە نمونەی (11)

خشتەی (2)

تایبەتمەندی (13) نمونەی جۆرەکانی کانزا لە ناوچەی لێکۆڵینەوە

| ژ | شوێن | نمونە | نایترۆجین | فسفۆڕ | پۆتاسیۆم | سۆدیۆم | ماددە ئەندامییەکان | ماددەی کاربۆن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | باکوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا | ن1 | %0.010 | %19 | %15 | %21 | %0.20 | %0.15 |
| 2 | | ن2 | %0.030 | %20 | %12 | %20 | %0.24 | %0.16 |
| 3 | | ن3 | %0.010 | %17 | %14 | %17 | %0.23 | %0.15 |
| 4 | | ن4 | %0.024 | %21 | %11 | %18 | %0.25 | %0.17 |
| 5 | | ن5 | %0.025 | %18 | %20 | %21 | %0.20 | %0.14 |
| 6 | | ن6 | %0.015 | %22 | %17 | %15 | %0.22 | %0.15 |
| 7 | باشوری گوندی قەبری مەلا | ن7 | %0.017 | %16 | %19 | %19 | %0.27 | %0.17 |
| 8 | | ن8 | %0.022 | %19 | %15 | %18 | %0.21 | %0.14 |
| 9 | | ن9 | %0.021 | %24 | %18 | %22 | %0.22 | %0.15 |
| 10 | | ن10 | %0.023 | %21 | %12 | %19 | %0.20 | %0.14 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 11 | باشوری ڕۆژئاوای گوندی قەبری مەلا | ن11 | %0.019 | %22 | %17 | %17 | %0.18 | %0.13 |
| 12 | | ن12 | %0.016 | %20 | %17 | %20 | %0.24 | %0.16 |
| 13 | | ن13 | %0.023 | %19 | %19 | %21 | %0.22 | %0.15 |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان بەشی تاقیگەی خۆڵ و ئاو ٢٠١٧ داتای بڵاونەکراوە.

گۆڕانە کیمیاوییەکان: ئەم گۆڕانە بریتیە لە گۆڕان لە پێکهاتەی تاویر نەك گۆڕان لە شـێوەی تاوێر، ئەم گۆڕانە لە ئەنجامی بە جیاوازی بونی پەسـتان و پلەی گەرمی کۆمەڵێك هۆکاری تر ڕودەدات، تاوێرە ئاگرینەکان لە ناخی زەوی دروست دەبن و دواتر بە کاری پەستانی ناوەوە دێنە سەر زەوی بە هۆی جیاوازی زۆری پلەی گەرمی ناوەوە دەرەوەی زەوی ئەم تاوێرە ئاگرینە بەرگەی بارودۆخەکە ناگرێت بۆیە هەندێ جار دەگۆڕێت بۆ تاوێری تر هەندێ جاریش دەبنەوە بەخاك.

کەشکاری کیمیاوی لەسەر خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە: کەشکاری سەرچاوەی دروست بونی خاکە واتە پرۆسە گۆڕانە لە شـێوەی تاوێرەکان و پارچەبونیان بۆ پارچەی بچوکتر و کۆمەڵێك هۆکار هەن کار دەکەنە سەرکەشکاری تاوێر و بەردەکان، ئاوی باران، بای بەهێز، بەفر و بەستەڵەك (شیخەروانی،م:21/10/2014 ، www.ge4c.com).

**پێنجەم: سەرچاوە ئاوییەکان:**

سەرچاوە ئاوییەکان بە گرنگترین سەرچاوەی سروشتی و سەرەکی دانیشتوان دادەنرێت، ئەویش لە ئەنجامی دابارینەوە بەدیدێت، ئەم سەرچاوەش بە بناغەی هێز و سامانێکی ئابوری و چالاك لە قەڵەم دەدرێت و بە هۆکاری بەردەوامی ژیان و گردبونەوەی دانیشتوان لەو ناوچانەی کە ئاویان تێدایە دێت، سەرچاوە ئاوییەکانی هەرناوچەیەك نەك تەنها لەڕوی چەندێتیەوە بایەخی خۆی هەیە، بەڵکو لەڕوی چۆنایەتی و کوالێتیشـەوە هەمان بایەخی هەیە، چونکە مەرجە ئاوەکە بۆ هەمو پێداویستیەکانی مرۆڤ دەستبدات وەك خواردنەوە و پێداویستی ناوماڵ و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ....هتد (Gleick،2006،196)

سەرچاوە ئاوییەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە و کار لە چالاکیە جۆراوجۆرییەکانی مرۆڤ و کار لە شێوازی دابەشبونی دانیشتوان دەکات، چونکە ناوچە ئاوییەکان وەك موگناتیس وان هەردەم دانیشتوان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، ئەمەش ڕەوشی دابەشبونی دانیشتوان دەنێێ، هەروەها سەرچاوە ئاوییەکانیش دابەش دەبێت بۆ سێ بەش وەك: (دابارین و ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی) ( World Energy Councili Conseil Mondiial Delenergie 2013، 328 )

گوندی قەبری مەلا بەزۆری پشـت بە بیرەکان دەبەستێت بۆ ئاوی خواردنەوە و ئاژەڵداری، چونکە سەرچاوە ئاوییەکان زیاتر بیرەکانن، بۆکشتوکاڵ کردن پشـت بە باران بارین دەبەستێت، لە گوندی قەبری مەلادا چەمە وەرزییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە بۆ دابینکردنی ئاو بۆ ئاژەڵداری ئەگەر وردبینەوە لە نەخشەی ژمارە(2) لە پاڵ

چەمە وەرزییەکانیشـــدا ژمارەیەك بیری دەســـتی بونی هەیە، کە پێکدێت لە (14) بیر، هەروەها بیرە ئیرتیوازییەکانی پێکدێت لە (5) بیر کە قوڵییان لە نێوان (89 – 102) مەتر دایە وەك لە خشـــتەی (3) و نەخشـــەی (2) دیارە، لەبەرڕۆیشـتن/بەکاتژمێرە، کە بە سـەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و ئاژەڵداری دادەنرێت لە گوندی قەبری مەلا.(ڕۆبیتن، 2023)


خشتەی ژمارە(3)

جۆری بیرەکان و لەبەرڕۆیشتن/بەکاتژمێر

| ژ | جۆری بیر | ژمارەی بیرەکان | قوڵی بیرەکان/م | ساڵی هەڵکەندن | لەبەرڕۆیشتن/بەکاتژمێر |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئیرتیوازی | 5 | 102 - 89 | 2012 - 2000 | 24 |
| 2 | دەستی | 14 | 6 - 3 | 2000 - 1950 | - |

سەرچاوە: ئەسعەد ڕۆستەم محەمەد، ئەنجومەنی گوندی قەبری مەلا، چاوپێکەوتن، 2023/5/27.

نەخشەی ژمارە(2) دابەشبونی سەرچاوە ئاوییەکانی گوندی قەبری مەلا




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە: وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی ((GIS، نەخشەی کارگێڕیی پارێزگای سلێمانیو ئیدارەی گەرمیان، 2023. نەخشەی بنەڕەتی گوندی قەبری مەلا 28/مایس/ 1956


شەشەم: ڕووەکی خۆڕسك:

ڕووەکی سروشتی بریتییە لەو ڕووەکانەی کە لە خۆیانەوە بەبێ ئەوەی مرۆڤ دەستی هەبێ لە ڕواندنیان، خۆیان دەڕوێن، هەروەها ئاووهەوا و خاك و باران کاریگەری هەیە لە ڕواندنیان و دابەشبونیان، دەبێ ئەوە بزانین شان بەشانی فاکتەری هەوا خاکیش یەکێکە لەو فاکتەرانەی کار دەکاتە سەر ڕووەکی سروشتی، بەپیتی و دەوڵەمەندی خاك بەماددەی کانزایی و مادەی ئەندامی کار دەکاتە سەر ڕووەك لە ڕوی جۆر و قەبارەوە و چڕییەوە هەندێ خاك گونجاوە بۆ گەشەکردنی ڕووەکی سروشتی و هەندێکی تر کەمتر گونجاوە یان هەر گونجاو نیە بۆ ئەم جۆرە ڕووەکە، هەرێمی کوردستان دابەش دەبێت بەسەر دو پشتێنەی سەرەکیی ڕووەکیدا، ئەوانیش پشتێنەی دارستانەکان و پشتێنەی گژوگیای کورتن (گەرمەسێر) (تالب، 1999: 107)

سەبارەت بە ڕووەکی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە جۆری (گەرمەسێر)ن، بە تایبەتیش ڕوکی سروشتی لەم ناوچەیە بریتیە لە گژوگیا وەرزییەکان، کە ئەم جۆرە گرژوگیا بریتە لە ڕووەکی گژوگیای زۆر کورت کە توانای خۆڕاگری و بارودۆخی ئاووهەوای ناوچەکەیان هەیە، تەنها لە وەزری بەهار یان زستاندا گەشە دەکەن و لە کۆتایی هەمان وەرز و سەرەتایی وەرزی هاوین وشك دەبنەوە، گرنگترینانیش (درك و گەنگر و چاوباز....هتد) (محەمەد،ئ، 2015: 142)

گوندی قەبری مەلا دەوڵەمەندە بە چەند جۆرێك داری خۆڕسـك وەك (هەنجیر، تورەك، بلاڵوك، تو، قەرەقاچ، قەزوان، خورما، بی..هتد). بەڵام بەزۆری داری بلاڵوك لە گوندی قەبری مەلادا بەربڵاوە، سـەرەڕای هەبونی دار و قامیشـلان لە چەند شـوێنێکی گوندی قەبری مەلا وەك (چەمی کوێرەك، چەمی گۆمەقەڵبەزین، چەمی ژنێل مارەبڕاو، چەمی کەوروەکە).(محەمەد،ح: 2023/5/10)، ناوچەی لێکۆڵینەوە کە ڕوبەری (2182.01) دۆنم پاوانی هەیە، کە دەکاتە (5.455.025) مەتر چوارگۆشـە، کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕووەکی سروشتی، چونکە گوندی قەبری مەلا زۆرترین ڕوبەری بریتییە لە ڕووەکی خۆڕسك و بەردەڵان و گژوگیا و لەوەڕگە ئەگەر بڕوانینە نەخشـەی ژمارە(3) ئەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە. (کشتوکاڵی ناحیەی ڕزگاری، 2023)

نەخشەی ژمارە(3) دابەشبونی ڕووەکی سروشتی گوندی قەبری مەلا



سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە: وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی ((GIS، نەخشەی کارگێڕیی پارێزگای سلێمانیو ئیدارەی گەرمیان، 2023. نەخشەی بنەڕەتی گوندی قەبری مەلا 28/مایس/ 1956

بەشی دووەم: تایبەتمەندییە مرۆییەکانی گوندی قەبری مەلا:

باسی یەکەم: ژمارەی دانیشتوان:

جوگرافی ناسەکان لەڕوانگەی شوێنەوە باس لەبابەتەکانیان دەکەن سەرەڕای سروشتی بابەتەکان، لەسەر بنەمای ڕێبازێکی ڕێکخراوکە متمانەی سەرەکی ئەم بابەتانە لەسەر دابەشکردن و شیکردنەوەی شوێنین بۆ دیاردەکان پەیوەندیان بەیەکتر لەو شوێنە یاخود لەو ڕووبەرەدا، لەچوارچێوەی توێژینەوەکانیاندا(DICKINSON،1961: 270)

جوگرافیای دانیشتوان پشت بە ئەژمارکاری دەبەستێت، ژمارەش لە پلەی یەکەمدا دەرئەنجامی سەرژمێرییە خولیی و زیندەیی و شارستانیەکانە، وردی و ژمارە و گونجاوییان دەبێتە هۆی ئافراندنی جیاوازیی لە پیناسەکردنی دیاردە مرۆییەکاندا.(وهیبە، 2011: 31)

گوندی قەبری مەلا لە ساڵی (1984)دا، ژمارەی بنەڕەتی دانشتوانەکەی (88)کەس بون، بەڵام لە ساڵی (1985)دا بەهۆی پەلاماری حکومەتی بەعسی عێراق لە ڕۆژی (1985/9/21)دا کە بوە هۆی ڕوخاندن و سوتاندنی نشینگەکانی (زەڕین، دوخران، بوەکەی مەجی حەمەلاو، دەنگەوەرە، میلان، دومیلان، گۆمەزەرد، کانی چایلە)کە ئەم پەلاماردانە بۆ سەر نشینگەکان بە شەڕی گۆمەزەرد ناسراوە، کە چەند شەهید و بریندارى لێکەوتەوە و شەهیدەکان لە گوندی قەبری مەلا نێژراون، بەم هۆیەوە نشینگەکانی دەروبەری بەشێوەیەکی کاتی ڕویان گوندی قەبری مەلا و مانەوە، بەڵام (118)کەس تاوەکو ساڵی (1988) جێگیربون کە بە ڕێژەی(29%) دەکات.

دوای ئەوەی کە پرۆسەی تاوانی ئەنفال دەستی پێکرد گوندی قەبری مەلا وەکو هەمو گوندەکانی تر بەر پرۆسەی ئەنفال کەوت، دانیشوانەکەی ڕاگویزران بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ، گوندیکە بە چۆڵی مایەوە تاوەکو لە ڕۆژی ١٩٩٣/5/8دا ئاوەدان دەکرێتەوە، وردەوردە ژمارەی دانیشتوانی لە دوای ئازادکردنی ناوچەکە ڕویان کردوە گوندیکە کە ژمارەیان(51) کەس بو. تاوەکو ساڵی (1995) کە بەڕێژەی (4%)، بەڵام لە ساڵانی (1996 – 2000) ڕێژەی دانیشتوان لە گەشەکرندا بوکە ژمارەیان(69) کەس بو بە ڕێژەی (5%) ئەم ڕێژەیەش وەکو خۆی مایەوە تاوەکو ساڵانی(2001 – 2005) کە ژمارە دانیشتوانەکەی (250)کەس بون، بەڕێژەی (18%)، هەروەها لە دوای ڕزگارکردنی عێراق و ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (2003)دا، گۆڕانکاری بە سەر ژمارەی دانیشتواندا هات، لە ساڵانی (2006 – 2010) ژمارەی دانیشتوان کەمی کرد بۆ(230)کەس بە ڕێژەی(17%)، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبو لە سەر دانیشتوانی گوندیکان، لە دوای ساڵانی(2011 – 2015) ژمارەی دانیشتوانی گوندی قەبری مەلا بە ڕێژەیەکی بەچاو کەی کرد بۆ (216)کەس بە ڕیژەی(16%) هەروەها ئەم ڕێژەیە بەشێوەیەکی بەچاو کەمی کردوە لە ساڵانی (2016 – 2020) تەنها (212) کەس ماوەتەوە بە ڕێژەی(16%) دواتر کەمی کردوە بۆ ڕێژەی(15%) لە ساڵانی (2021 – 2023)

تەنها (209) کەسی تێدا نیشـتەجێیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی خزمەتگوزاریی و پشـت گوێخسـتنی گوندیکان بە شێوەیەکی گشـتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەگەر سـەیری خشـتە (4) و شێوەی ژمارە (1)بکەین ئەوا بۆمان ڕوندەبێتەوە چۆن گوندی قەبری مەلا لەلایەن دانشـــتوانەکەوە چۆڵکراوە، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاســـتییە کە هیچ خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆ نییە کە دانیشتوانەکەی بهێڵێتەوە.

خشتەی ژمارە(4)


ژمارەی دانیشتوان لە گوندی قەبری مەلا لە ساڵی (1984 – 2023)

| ز | ساڵ | ژمارەی دانیشتوان لە گوندی قەبری مەلا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | 1988 – 1984 | 118 | %9 |
| 2 | 1995 – 1991 | 51 | %4 |
| 3 | 2000 – 1996 | 69 | %5 |
| 4 | 2005 – 2001 | 250 | %18 |
| 5 | 2010 – 2006 | 230 | %17 |
| 6 | 2015 – 2011 | 216 | %16 |
| 7 | 2020 – 2016 | 212 | %16 |
| 8 | 2023 – 2021 | 209 | %15 |

سەرچاوە: ئەسعەد ڕۆستەم محەمەد، ئەنجومەنی گوندی قەبری مەلا، چاوپێکەوتن، 2023/5/27.

شێوەی ژمارە (1)

ڕێژەی دانیشتوان لە نشینگەی قەبری مەلا لە ساڵی (1984–2023)




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (1).

باسی دوەم: دابەشبونی جۆرەکانی زەوی گوندی قەبری مەلا:

یەکێك لە فاکتەرە بەهێزەکان ژیان پێکەوە بونی مرۆڤەکانە لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا بۆ ئەوەی پێکەوە بژین، دانیشتوانی هەر شوێنێك پێویستیان بە دابەشکاری هەیە لە ڕوی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، ئابوری،...هید، هەروەها دابەشبونی زەویش کارێکی گرنگ و لە پێشینەی هەر کۆمەڵگایەکە بۆ ئەوەی کارەکانی خۆیانی تێدا ڕێکبخەن. (کرێکار، 2011: 37).

دابەشبونی جۆرەکانی زەوی لە گوندی قەبری مەلا خۆی لە پێنج جۆر زەوی دەبینێتەوە کە دابەشکراون، زەوی پشتاو واتە کشتوکاڵی دابەشکراوە بە سەر (20) کەرتدا لە خشتەی ژمارە (5) خراوەتەڕولە نەخشەی ژمارە(2) دیاری کراوەکە کۆی گشتی زەوی کشتوکاڵی دەکاتە(839.15) هەشت سەدو سێ و نۆدۆنم و پازدە ئۆلك،کە لە سەدا (27%)زەوی گوندی قەبری مەلا پێکدەهێنێت بروانە شێوەی ژمارە(2)، زەوی پاوان گژوگیاو بەردەڵان لە گوندی قەبری مەلا دابەشکراوە بەسەر (5)کەرتدا لە خشتەی ژمارە (5) خراوەتەڕولە نەخشەی ژمارە(2) دیاری کراوەکە کۆی گشتی زەوی پاوان دەکاتە(2182.01) دو هەزار و سەد و هەشتاو دو دۆنم و یەك ئۆلك، کە لە سەدا(72%)زەوی گوندی قەبری مەلا پێکدەهێنێت بروانە شێوەی ژمارە(2)، زەوی دانیشتوان لە گوندی قەبری مەلا دابەشکراوە بەسەر (1)کەرتدا لە خشتەی ژمارە (5) خراوەتەڕو لە نەخشەی ژمارە(4) دیاریکراوەکە کۆی گشتی زەوی دانیشتوان دەکاتە(8.12) هەشت دۆنم و دوازدە ئۆلك، هەروەها زەوی گۆڕستان لە گوندی قەبری مەلا دابەشکراوە بەسەر (1)کەرتدا لە خشتەی ژمارە (5) خراوەتەڕو وە دیاریکراوە کە کۆی گشتی زەوی دانیشتوان دەکاتە(5.05) پێنج دۆنم و پێنج ئۆلك، دابەشبونی زەوی بۆ ڕێگاوبان لە(3) کەرتدا خراوەتەڕوکەدەکاتە(15.03) پازدە دۆنم و سێ ئۆلك، واتە وەزی (نیشتەجێبون،

گۆڕستان، ڕێگاوبان) لە سەدا(1%)زەوی گوندی قەبری مەلا پێکدەهێنێت کە زەوی نیشتەجێبون دەکاتە(8.12) هەشت دۆنم و دوازدە ئۆلك، بەڵام زەوی تەرخانکراو بۆ گۆڕستان دەکاتە (5.5) پێنج دۆنم و پێنج ئۆلك، کەچی زەوی تەرخانکراو بۆ ڕێگاوبان لە گوندی قەبری مەلادا دەکاتە(15.03) پازدە دۆنم و سێ ئۆلك، کەتەواوی ڕێگای نشینگەکە خۆڵە(گڵ)ە، هەروەها درێژی ئەو ڕێگایەی کە نشینگەکە دەبەستێتەوە بە ڕێگای قیرەوە (13)کیلۆمەترە. بڕوانە شێوەی (2) و خشتەی ژمارە(5).

خشتەی ژمارە(5)

دابەشبونی جۆرەکانی زەوی گوندی قەربری مەلا بە دۆنم

| ز | جۆرەکانی زەوی | ژمارەی زەوی بە(دۆنم) | | کەرت | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | زەوی پشتاو (کشتوکاڵی) | 839.15 | | 20 | %27 |
| 2 | زەوی پاوان(گژوگیاو بەردەڵان) | 2182.01 | | 5 | %72 |
| 3 | زەوی نیشتەجێبون | 8.12 | 28.2 | 1 | %1 |
| 4 | زەوی گۆڕستان | 5.05 | | 1 | |
| 5 | زەوی ڕێگاو بان | 15.03 | | 3 | |
| کۆی گشتی | | 3049.36 | | 30 | %100 |

سەرچاوە: کشتوکاڵی ناحیەی ڕزگاری، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، 2023.

بەڵام بەپێی ڕوپێوی و بڕیاری دابەشبونی ژمارە(820) لە بەرواری (1973/8/13) دەردەکەوێت کە ژمارەی جوتیارانی گوندی قەبری مەلا تەنها (6) جوتیار بون، هەر یەکەیان بڕی (95) دۆنم زەوی پشتاوکشتوکاڵی(دیم) بەناویانەوە کراوە، کە بەم شێوەیە ناوەکانیان هاتوە کە لە خشتەی ژمارە (6) دەخرێتەڕو.


خشتەی ژمارە (6)

ناوی جوتیاران و بڕی زەوی دابەشکراو بە سەریاندا

| ز | ناوی جوتیار | ژمارەی دۆنم | ژمارەی کەرت | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕۆبیتن محمد رحیم | 95 | 13615 | - |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 2 | رۆستم محمد رحيم | 95 | 13616 | خێزاندار/ حمينە محمد احمد |
| 3 | عزيز محمد رحيم | 95 | 13618 | خێزاندار/ پيرۆز رسول |
| 4 | عبدالكريم رۆبيتن محمد | 95 | 13619 | خێزاندار/ پيرۆز صالح |
| 5 | محمود رۆبيتن محمد | 95 | 13620 | - |
| 6 | سليمان احمد حمەجان | 95 | 13617 | - |


سەرچاوە: کشتوکاڵی ناحیەی ڕزگاری، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، 2023.




شێوەی ژمارە(2)
دابەشبونی جۆرەکانی زەوی نشینگەی قەبری مەلا

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بەخشتەی ژمارە (2).

نەخشەی ژمارە (4) دابەشبونی جۆرەکانی زەوی گوندی قەبری مەلا




ســـەرچاوە: کاری توێژەران بە پشـــتبەســـتن بە: وەزارەتی پلاندانان، دەســـتەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سـلێمانی، بەشی ((GIS، نەخشـەی کارگێڕیی پارێزگای سـلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، 2023. نەخشـەی بنەڕەتی گوندی قەبری مەلا 28/مایس/ 1956

باسی سێیەم: سەرچاوەی ئابوری گوندی قەبری مەلا:

یەکەم: کشتوکاڵی لە گوندی قەبری مەلا:

لای زۆرێك لە جوتیاران ئاشـکرایە کە لە کۆندا چاندن و کێڵانی زەوی بۆ هەمو بەروبومە کشـتوکاڵییەکان بەتایبەت دانەوێڵە وەکو: (گەنم و جۆ و نۆك...هتد).بە ئاژەڵی باری دەکێڵدرا بە (قورەمە) بەو ئاژەڵانە وەکو: (گا، گوێدرێژ، یەســـتەر...هتد). ئەمەش کارێکی زۆر زەحمەت بو، چونکە ماوەیەکی زۆری پێدەچو، بۆیە دوای تەواوکردنی کێڵان و هاتنەبەرهەمی دانەوێڵە دروێنە دەکرا بەدەســـت واتە بە(داس) وەکو ئەم ســـاڵانەی دوایش کە دروێنە بەدەســـت هەرباوبو، دوای دروێنەکردن ملۆملۆ دەکراو دواتر بەش بەش کۆدەکرایەوە و پێی دەوترا (شارا) بە شـێوەیەکی ڕێکخراو، دوای تەواوبونی دروێنەکە شاراکان دەخرایە(ڕەشکە) وە و دەگوێزرایەوە بۆ خەرمان، دواتر گێرەدەکرا بە جەنجەڕ، هەر

بەو ئاژەڵانەی کە کێلانی پێ دەکرا، ئیتر دەست دەکرا بە شەن و کەوکردنی دانەوێڵەکە وکاکەی بە جیاوگەنم یان جۆ یان نۆکەکەی بەجیا پاك دەکراو دەکرایە (هۆڕ)هوە دەنێردرایە ماڵەوە بۆ ناو عەمباری دانەوێڵە.(محەمەد،ع،2023)

بەڵام لە سالانی (1967) مەکینە(تراکتۆر) هێنراو ئیتر کێلان بە (قورەمە و ئاژەڵان) کۆتاییهات وگێرەش بە هەباشە دەستی پێ کرد، بەڵام دروێنە بە دەست هەر بەردەوام بو، وردە وردە ئامێری دروێنە (دەڕاسە) پەیدا بو ئێستا جوتیاران بە زۆری کارەکانی دروێنە بەم ئامێرەدەکات.

ڕەشکە: لە موی بزن دروست دەکرێت سەرەتا برینچی بزن دەبڕێتەوە و موەکەی بە تەشی دەڕێسرێت و دەکرێت بە بەن دواتر دەکرێت بە ڕەشکە کە درێژێکەی (4_5م) دەبێت و پانیەکەی (2م) دەبێت، دانەوێڵەی تێدەکرێت وەکو: (گەنم و جۆ و سروت وکاو...هتد) و بە ئاژەڵی باری دەگوێزرێتەوە بۆ خەرمان یان ئەو شوێنەی کە مەبەستیانە بگوێزرێتەوە.

هۆڕ: لە مو یان خوری بە تێکەڵی دروست دەکرێت و درێژیەکەی (2م) دەبێت و پانییەکەی(1م) دەبێت، لە هەندێك ناوچە پێی دەوترێت (شەڵتە) بەڵام لە ڕاستیدا شەڵتە هی ئاوهێنانە لە پارچەیەك (خێوەت)ی ئەستور دروست دەکرێت بۆئەوەی ئاوی تێبکرێت و لێنەڕوات.(محەمەد،ئ:2023)

کشتوکاڵ کردن بە یەکێك لەلایەنە گرنگەکانی ژیانی دانیشتوانی گوندی قەبری مەلا دادەنرێت بۆ دابینکردنی کەرەستەی خۆراکی و لایەنی ئابوری بۆ دانیشتوانەکەی، هەروەها کشتوکاڵکردن یارمەتیدەرێکە بۆ بەدەستخستنی ئالکی ئاژەڵ، چونکە کشتوکاڵ کردن هەنگاوێکی پڕبایەخی گوندی قەبری مەلایە، سالانە بەشێوەیەکی بەچاو گوندی قەبری مەلا کشتوکاڵی تێدا دەکرێت.

دووەم: ئاژەڵداری لە گوندی قەبری مەلا:

ئاژەڵداری بەگرنگترین ئەو بەروبومانە دادەنرێت کە کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە، هەروەها سامانی ئاژەڵ چەندین بەروبومی جۆراوجۆری تێدا دەست دەکەوێت کە کاریگەری لەسەر ئابوری وڵات هەیە، بۆیە ئاژەڵەکان بەگشتی و ئاژەڵی ماڵی بەتایبەتی بەخێودەکرێن بۆ مەبەستی دەستکەوتنی سامانی ئاژەڵ بەهێزکردنی لایەنی ئابوری دانیشتوان، ئەم جورە گیانەوەرانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە دەورێکی زۆر گرنگ لەژیانی مرۆڤدا هەیە، چونکە تەنیا سەرچاوەی مادەی خۆراک نین و بۆ مروڤ و بەس، بەڵکو یارمەتی ئادەمیزاد دەدات بۆ ڕاپەراندنی کاروباری کشتوکاڵیش، بۆیە تا دێت ڕوبەری ئەو زەوییانەی گیانەوەریان تێدا بەخێودەکرێت زۆرتر دەبێت.(ئەحمد،2015: 256)

ئاژەڵداری بە یەکێک لە گرنگترین چالاکییە لاوەکییەکانی کەرتی کشتوکاڵ دادەنرێت، بەهۆی بەشداریکردنی لە دامەزراندنی هێزی مرۆیی و دابینکردنی ئامرازەکانی کارکردن و ژیانێکی شایستە بۆ ژمارەیەک لە دانیشتوان، گوندی قەبری مەلا هەر لە ئاوەدان کردنەوەیەوە تاوەکو ئەمڕۆ ئاژەڵدای سەرچوەیەکی سەرەکی ئابوری دانیشتوانەکەی بوە، ئاژەڵداری جگە لە بنەڕەتی ئەو بەرهەمانەی کە بۆ بەکارهێنانی هاووڵاتیان دابین دەکات. بە پشت بەستن بە بەخێوکردنیان، لەشێوازی لە کۆکردنەوە و پرۆسێسکردنی زانیاری و ئامادەکردن و خەمڵاندنی پێوەرەکانی پەیوەست بە کەرتی ئاژەڵداری ئەم کەرتە گرنگە بە مەبەستی دابینکردنی زیادبونی خواست لەسەر بەرهەمە ئاژەڵییەکان لە ئەنجامی


زیادبونی ژمارەی دانیشـــتوان و بەم شـــێوەیە پڕکردنەوەی بۆشـــایی نێوان بەرهەمهێنان و بەکاربردن بۆ نزیکبونەوە لە خۆبژێوی بەهۆی وشکەساڵییەوە، بەشێکی زۆری ئاژەڵ و پەلەور لە گوندی قەبری مەلا کەمکرانەوە، هەروەها لەڕوی کشـتوکاڵەوە ڕوبەڕوی قەیرانێکی سـەخت بونەتەوە، بە جۆرێك بەشـێکی جوتیارەکان وازیان لە کاری کشـتوکاڵی هێناوە، بەڵام لە ئێســـتادا گوندی قەبری مەلا ژمارەی ئاژەڵەکانی پێکدێت لە (409) ســـەر ئاژەڵ کە پێکدێت لە (مەڕ و بزن و مانگا) کە لە خشـــتەی ژمارە(7) و شـــێوەی (3)دا خراوەتەڕو، هەروەها ژمارەی پەلەور لە پێکدێت لە (قاز، مریشـــك، قەل) کە ژمارەیان (107) دانەیە(محەمەد،ح:2023) لە خشتەی ژمارە(7)دا خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە(7)

ژمارەی ئاژەڵ و پەلەور لە گوندی قەبری مەلا بۆ ساڵی 2023

| ژ | جۆری ئاژەڵ و پەلەور | ژمارەی ئاژەڵ و پەلەور |
|---|---|---|
| 1 | مەڕ | 363 |
| 2 | بزن | 43 |
| 3 | مانگا | 3 |
| 4 | پەلەور(قاز، مریشك، قەل) | 107 |

سەرچاوە: حسین ڕۆستەم محەمەد، دانیشتوی گوندی قەبری مەلا، چاوپێکەوتن، 2023/5/10.




شێوەی (3) ژمارەی ئاژەڵ و پەلەور لە نشینگەی قەبری مەلا بۆ ساڵی 2023

سەرچاوەی: خشتەی (4).

دەرئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتیەنە چەند ئەنجامێك كە لێرەدا دەیان خەینەڕو:

1. گوندی قەبری مەلا لە مێژەوە دەستی ئاوەدانی پێگەیشتوە بەپێی ئەو ئاسەوارانەی كە تیایدا بەدیدەكرێت.
2. ناوچەی لێكۆڵینەوە لە ڕوی سەرچاوەكانی ئاوەوە هەمەجۆرە وەك (بیرەدەستیەكان، بیرە ئەرتیوازییەكان، چەمەوەرزییەكان) تا ئەندازەیەكی زۆردەوڵەمەندە.
3. لە ڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە گوندی قەبری مەلا لە ماوەی نێوان ساڵانی (1984 – 2023) گۆڕانی بەرچاو بەسەر ژمارەی دانیشتوانەكەیدا هاتوە، بە جۆرێك ژمارەی دانیشتوان لەو ماوەیەدا لە (118) كەس بۆ (209) كەس زیادیكردوە، واتە لەماوەی ئەو ساڵانەدا گۆڕانی كەم لە زیادبونی دانیشتوان ڕویداوە، كە دەرەنجامی كۆمەڵێك هۆكارە.
4. هۆكارە سروشتی و مرۆییەكان تارادەیەكی زۆر كاریگەرییان لە سەر گۆڕینی ژمارەی دانیشتوان هەبوە لە گوندیكەدا، لەگەڵ ئەوەی كە فاكتەرە سروشتییەكان لە تەواوی ئەو ماوەیەدا چەند جارێك گۆڕانی بەسەرداهاتوە وەكو وشەساڵی، بەڵام هۆكارە مرۆییەكان تارادەیەكی زۆر كاریگەرییان لە سەر گۆڕینی دانیشتوان هەبوە وەكو پرۆسەی ئەنفال و كۆچی دانیشتوانی گوندی قەبری مەلا بۆ شارەكان بە شێوەیەكی بەربڵاو.
5. بێگومان ڕێگاوبانی گوندی قەبری مەلا بەكەڵكی هاتوچۆكردن نایەت هیچ مەرجێكی ڕێگاوبانی تێدانییە و ڕێگایەكی گڵە.
6. كتشتوكاڵ و ئاژەڵداری بە بنەمایەكی ئابوری گرنگ دادەنرێت بۆ دانیشتوانی گوندی قەبری مەلا.

ڕاسپاردە:

لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە دەتوانرێت ئەم ڕاسپاردانە بخرێتەڕو:


1. بایەخی زیاتر بەم جۆرە توێژینەوانە بدرێت لە ســـەر گوندیکان بەمەبەســـتی خزمەتگوزاری زیاتر لە ســـەرجەم بوارەکاندا.
2. بایەخی زیاتر بە ڕوپۆشی ڕوەکی بدرێت لە گوندیکاندا، دارستانی دەستکردنی تێدا بکرێت.
3. بایەخی زیاتر بە بواری کشـــتوکاڵ و ئاژەڵداری بدرێت لە پێدانی قەرزی کشـــتوکاڵی بەتایبەت بە نشـــینەگەکان بەمەبەســـتی زیندوکردنەوەی ســـێکتەرەی کشـــتوکاڵی و ئاژەڵداری لە هەمان کاتدا هەڵکەندنی بیری قوڵ بۆ ئاژەڵداران بە پێی پێویســت و بۆ ســودی گشــتی بەمەبەســتی ئاودان و وێنجە چاندن، پێدانی دانەوێڵە و دەرمان بە ئاژەڵداران بە نرخی پاڵپشتیکراو بۆ ئەوەی بتوانن ئابوری خۆیان بەهێزبکەن.
4. بایەخی زیاتر بدرێت بە کەرتی ڕێگاوبان و گونجاو بێت بۆ هاتوچۆکردن.
5. بە هۆکاری بونی پاشـــماوەی شـــوێنەوار دەتوانرێت ســـود لەناوچەکە وەربگیرێت بۆ دۆزینەوەی پارچەکانی تری شوێنەوار لە ناوچەکەدا و سود لێوەرگرتنی بۆ مەبەستی دەوڵەمەندکردنی مۆزەخانەکانی هەرێمی کوردستان.

پاشکۆی ژمارە(1) وێنەی بەردێك کە نوسینی لەسەر نەخشێنراوە مێژوەکەی نەزانراوە و یەکێکە لەو ئاسەوارانەی کە لە گوندی قەبری مەلا دۆزراوەتەوە.



سەرچاوە: سەردانی مەیدانی بۆ ناوچەی توێژینەوە لە ڕێکەوتی 2023/5/10.

پاشکۆی ژمارە(2) نەخشەی بنەڕەتی گوندی قەبری مەلا



سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ناحیەی ڕزگاری، هۆبەی ئامار، 2023.

# The Residence (Settlement) of Mala's Shrine in Kalar District

(A Study of Regional Geography)

**Hawbash Ghafoor Saeed[1] - Fatimah Qader Mustafa[2]**

[1]Master of Human Geography، Kalar، Garmian District, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Geography, College of Humanities, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The study area is located in the southern part of the Kurdistan Region and the western north part in Kalar district and the northern part of Rizgari district. The settlement of Mala's shrine is located in the vicinity of the squares (34°52'06.5" -34.868472 N) of the north of the earth and the length lines (45°17'34.0" -45.292778 E) of the east, see map number (1) .The area is (3049.36) dunum and (37) km far away from Kalar district.

The purpose of this study is to point out the most important natural and human characteristics in the settlement of Mala's shrine. Thus, the research is related to the scientific approach for establishing the basis of research.

This research is composed of two main parts so as to arrive at the main goal of the research: The first part is entitled (Introducing the Settlement of Mala's Shrine) which consists of two main topics the first of which talks about (The History of the Settlement of the Mala's Shrine) whereas the second topic refers to (The Natural Characteristics of the Residence of the Mala's Shrine) such as (height and low, water resources, wild plants, etc.) The second part is entitled "The Human Characteristics of the Settlement of Mala's Shrine ", which is made up of three main topics, the first of which discusses (The Number of Population) between 1984 and 2023 while the second topic comes across (the distribution of the types of Settlement Earths of Mala's Shrine). Meanwhile, the third topic deals with (Economic Source of the Settlement of Mala's Grave such as Agriculture and Livestock).

Keywords: Residence, Mala's Shrine, District, Kalar

**سەرچاوەکان:**


أحمد، مقداد علی، 2012، ڕێبەری بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، چاپخانەی زانا، سلێمانی.

ئەحمەد، مقداد علی، 2015، گرنگی دیاردە جوگرافیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی .

امین، هێمن نصرالدین، 2018، ئاوهەوا و کاریگەری لە سەر پرۆسەی جیۆمۆرفۆلۆجیەکان لە قەزای کەلار، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، ئەنجومەنی فاکڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان و وەرزش، زانکۆی گەرمیان.

البالانی، نخشان محمد روستم خان، 2010، جیموفولوجیة منطقة کلار، رسالة ماستر، غیرمنشورة، جامعة سلیمانیة .

بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان، 201۷، بەشی تاقیگەی خۆڵ و ئاو، داتای بڵاونەکراوە.

تالب، جەزا تۆفیق، 1999، کتێبی جوگرافیای کوردستانی عێراق، چاپی دوەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .

تەنیا، فتاح، 2013، ڕۆڵی میمکە پانی لە شۆڕشەکاندا وەك کەسایەتیەکی میوان دۆست، چاپی یەکەم، کتێبخانەی باوك بۆ بڵاوکردنەوە، کەلار.

جاف، خەسرە، 2013، مێژوی هۆزی جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

خارطة العراق الإدارية،2010 ، وزارة التخطيط هيئة المساحة، بغداد.

دەستەی ئاماری هەرێم، 2023، بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی((GIS، نەخشەی کارگێڕیی پارێزگای سلێمانیو ئیدارەی گەرمیان.

ڕۆبیتن، یونس محمود، 2023، دانیشتوی گوندی قەبری مەلا، چاوپێکەوتن.(2023 5 10)

سیا، عبداللة و أخرون، 1982، جیولوجیا العراق، وزارة التعلیم العالي و البحث العلمي، جامعة الموصل.

شیخەروانی، محمد زرار عبدالصمد، زانیاریە سەرەتاییەکان دەربارەی خاك، ماڵپەری..21/10/2014 ,(www.ge4c.com):

عبدالقادر، مقداد حسن، 2014، (شاری کەلار) لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافی شار، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆ سلێمانی.

عەلی، عوسمان محەمەد،2014، قەزای کەلار(لیکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمییدا)، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.

کرێکار، 2011، ڕمان وڕامان، پەیمانگای ئیبنوتەیمییە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی دیدی نوێ، چاپی یەکەم، سلێمانی .

کشتوکاڵی ناحیەی ڕزگاری، 2023، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە.

لبیب، عەلی، 2010، جوگرافیای دانیشتوان جێگیر و ناجێگیر، وەرگێڕانی: سەعید بەشیر خەرپانی، بێ ناوی چاپخانە و شوێن .

Anon., 2010.خارطة العراق الإدارية، وزارة التخطيط هيئة المساحة، بغداد: اسم غير معروف.

Anon., 2023.کشتوکاڵی ناحیەی ڕزگاری، هۆبەی ئامار، ڕزگاری: اسم غير معروف.

Delenergie، W. E. C. C. M.، World Energy ReSowrces,Britain 2013, .، London: اسم غير معروف

H.Gleick، P.، The Worlds Water 2006:The Biennial Report on reshwater Resources2006، . Washington,DC: Island Press.

R.E.DICKINSON، THE WEST EUROPEAN CITY. LONDON: 1961 .اسم غير معروف

أحمد، م. ع.، 2012. ڕێبەری بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. ،سلێمانی: چاپخانەی زانا.

تالب، ج. ت.، 1999. کتێبی جوگرافیای کوردستانی عێراق. چاپی دووەم، المحرر هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

تەنیا، ف.، 2013. ڕۆڵی میمکە پانی لە شۆڕشەکاندا وەك کەسایەتیەکی میوان دۆست. چاپی یەکەم المحرر کەلار: کتێبخانەی باوك بۆ بڵاوکردنەوە.

جاف، خ.، 2013. مێژووی هۆزی جاف. چاپی یەکەم المحرر هەولێر: چاپحانەی هێڤی.

ڕۆبیتن، ع.، 2023. دانیشتووی نشینگەی قەبری مەلا [مقابلة] 2023.

ڕۆبیتن، ی. م.، 2023. دانیشتووی نشینگەی قەبری مەلا [مقابلة].(2023 5 10)

کرێکار، 2011. ڕمان وڕامان، پەیمانگای ئیبنوتەیمییە، لە بڵاو کراوەکانی. چاپی یەکەم المحرر مکان غير معروف:بنکەی دیدی نوێ.

لبيب، ع.، 2010. جوگرافیای دانیشتوان جێگیر و ناجێگیر. مکان غیر معروف:اسم غیر معروف

محمد، ئ. ح.، 2015. نواندنی کارتۆگرافی تایبەتمەندییە سروشتیەکانی قەزای کەلار)بە بەکارهێنانی هەردوو بەرنامەیGIS، .(RS[فن] (زانکۆی سلێمانی).

محەمەد، ح. ڕ.، 2023. دانیشتووی نشینگەی قەبری مەلا [مقابلة].(2023 5 9)

محەمەد، ڕ. ڕ.، 2023. دانیشتووی نشینگەی قەبری مەلا [مقابلة].(2023 5 10)

محەمەد، ع. ڕ.، 2023. دانیشتووی نشینگەی قەبری مەلا [مقابلة].(2023 5 10)

محەمەد، ع. ر.، 2023. مێژووی نشینگەی قەبری مەلا [مقابلة].(2023 27 5)

محەمەد، ئ. ڕ.، 2023. ئەنجومەنی نشینگەی قەبری مەلا [مقابلة].(2023 5 27)

هەرێم، د. ئ.، 2023. ،بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری سلێمانی، بەشی(GIS) ، نەخشەی کارگێڕیی پارێزگای سلێمانیو ئیدارەی گەرمیان، مكان غير معروف: اسم غير معروف

وهيبە، ع. م.، 2011. جوگرافیای دانیشتوان. چاپی یەکەم المحرر سلێمانی: چاپخانەی گەنج.

ئەحمەد، م. ع.، 2015. گرنگی دیاردە جوگرافیەکان. چاپی یەکەم المحرر سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.